DENGÎ NETEWE

2

# نەخشەی کوردستان

ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوە

بەفرانبار 2723



**ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوە**

**بەرهەمی دووەم: نەخشەی کوردستان**

**بەشدارانی توێژینەوە:**

**ڕێڤان عوسمان**

**ئاریان ئومێد**

**هەڤاڵ محەمەد**

**هەوراز غازی**

**دیزاینی بەرگ: هەوار نوری**

**گرافیک: زەمەند کەریم**

**هەڵەچن: زریان سەرچناری-(گرووپی ڕوون)**

**بەفرانباری ٢٧٢٣ کوردی** **کانوونی دووەمی ٢٠٢٤**

**ناوەڕۆک:**


**پێشەکی ...............................................................٤**

**تێبینییەکان ...........................................................٥**

**نەخشەی مێژوویی کوردستان.............................................٩**

**نەخشەی نیشتەجێبوونی کورد ...........................................١٢**

**کورد لە دەرەوەی کوردستان ............................................١٣**

**پێکهاتەی نەتەوەیی کوردستان ..........................................١٥**

**بەرزی و نزمی ڕووی زەوی کوردستان...................................١٧**

**سامانی سرووشتیی کوردستان ...........................................١٩**

**بەشێک لە شوێنەوارە گرنگەکانی کوردستان ............................٢١**

**ڕاسپاردە...............................................................٢٥**

**لیستی سەرچاوەکان....................................................٢٧**

**پاشکۆی وێنەکان.......................................................٢٩**

# نەخشەی کوردستان

## پێشەکی:

ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە بە نەخشە و جوگرافیای کوردستان، لە لایەن ناوەندی تویژینەوەی (دەنگی نەتەوە) ئامادەکراوە.

ئاڵەنگارییەکانی بەردەم ئەم تویژینەوەیە کەم نەبوون، بەڵام هەوڵەکانی ئێمەش چڕبوون. نەبوونی دەوڵەت و نەبوونی نەخشەی نزیکی دەوڵەت، هەروەها نەبوون و کەمی سەرچاوەی کوردی و زۆری سەرچاوەی دژبەکورد و کوردستان، گرفتی بەردەم پێناسەی کوردستانن.

کوردستان خاکی کوردانە یان ئەو خاکەیە کورد تێیدا دەژی، ئەم خاکە هەمیشە لە یەک قەبارە و ئاستدا نەبووە، بۆ نموونە زۆر شوێن هەبووە تا ساڵی (٢٠١٧)ش کورد لەسەری ژیاوە و ئێستا کوردی لەسەر ناژی. هەموو نەتەوەکان لە جیهاندا نەخشەکانیان کەم و زیادی کردوە، بەڵام بەداخەوە هەڕەمەکە بۆ کورد ڕوو لە لێژیە و کوردستان تادێ بچوکتر دەکرێتەوە، بێگومان ئەمەش بە سیاسەتی دەوڵەتانی ناوەند ئەنجامدەدرێت. ئاواش ئێمە هەوڵماندداوە نەخشەیەک بە واقعی کوردستان بکێشینەوە، ئێمە لەم نەخشەیەدا هیچ وێنەیەک پێشنیار ناکەین چونکە هەرچی بڵێین کەممان وتووە و بەتەواوی نەمانپێکاوە، هەروەها گرنگە ئەوەش بزانین کە نەخشەی سیاسی یەکسان نییە بە نیشتمانی ڕاستەقینەی نەتەوەیەک. لەو

شـــوێنانەی جینۆســـاید کـــراوە ڕاپرســـی و ســـەرژمێری بەکردەیەکـــی گونجـاو نـابینین بـۆ یەکلایـی کـردنەوەی خـاک، لە کـاتی خوێنـدنەوە بـۆ ئەم نەخشـــەیە، یـان هەر نەخشـــەیەکی تـر، ڕەچـاوی ئەم تێبینیـانە بـکەن بۆ ئاسانی تێگەیشتن:

**تێبینی یەکەم:**

ئـــێمە دەبێـــت پرســـی دەوڵەتـــی کـــوردی کە پرســـێکی سیاســـییە جیـــا بکەیـــنەوە لە پرســـی نەخشـــەی کوردســـتان کە پرســـێکی جـــوگرافییە و پرسی نیشتمانی مێژوویی نەتەوەیەک کە پرسی خاوەندارییەتییە.

-زۆر شـــوێن هەبـــوون تـــا ئەم نیزکـــانە کوردنشـــین بـــووە و بە هـــۆی سیاســـەتی قڕکـــردن و ڕاگواســـتن و هـــاوردەوە، کوردیـــان لـــێ وەدەرنـــرا بەڵام خـــاکەکە هەر کوردســـتانە. واتە هەڵەیە ئەگەر خـــاک بەپێـــی نەژادی دانیشـــتووان پـــۆلێن بکەیـــن، ڕەنـــگە کـــورد تـــاکە نەتەوەبێـــت کە زۆرتـــرین جـــار ئەم هەڵەیە دووبـــارە دەکـــاتەوە و هەرکـــوێ کـــوردی تێـــدا نەمـــا، ناسنامەی کوردستانیبوونی لێ دەسێنێتەوە.

-جوگرافیـــای هەمـــوو نەتەوەکـــان بە درێژایـــی مێـــژوو لە گۆڕانـــدا بـــووە، بە پێـــی ســـەرکەوتن و شکســـت. بەداخەوە لە ســـەد ســـاڵی ڕابـــردودا ئـــێمە ســـــەرکەوتوونەبوین لە درووســـــتکردنی دەوڵاتـــــدا، بـــــۆیە جوگرافیـــــای نەتەوەکانی سەردەست لەسەر حسابی خاکی ئێمە فراوان کراوە.

**تێبینی دووەم:**

بەداخەوە زۆربەی ســـــەرچاوەکانمان کـــــوردی نـــــین بە دوو هۆکـــــار: یەکەم ئەوەی هیـــی خۆمـــان بـــووە لە قۆنـــاغە مێژووییەکانـــدا هەوڵـــی لە

نـــاوبردنی دراوە، ئەوەشـــی هیـــی بێگـــانە بـــووە کەمجـــار هەبـــووە بـــێلایەن بـــوبن بـــێ بەرژەوەنـــدی تـــایبەتیی و بـــۆ خزمەتـــی کوردیـــان نووســـیبێت، ئەمەش کاریگەریی هەیە لە سەر کورتهێنانی نەخشەکەمان.

**تێبینی سێیەم:**

نەیـــارانی کـــورد بانگەشـــەیەکیان بڵاوکردبـــوەوە کە کوردســـتان وڵاتێکـــی کیشـــوەری و داخـــراوە و هەلـــی ســـەربەخۆبوونی کەمە. بەڵام ڕاســـتی مێژوویـــی تـــا هەنـــوکە ئەوەی بەدرۆ خســـتوەتەوە و ســـەلماندویەتی کوردســـتان لە چەنـــد لایەکەوە دەگـــاتە دەریـــا، بەڵام بەپێـــی کـــات سیاســـەتی ســـڕینەوەی کـــورد، کـــوردی لە دەریـــا دورخســـتووەتەوە و پاشـــان ئەمە وەک واقعێـــک دەربـــارەی خـــاکی کـــورد چەســـپیووە. بەڵام لە واقعدا پرسەکە لێرەدا زەوتکردن و گەمارۆدانە نەک وتنی ڕاستی.

**تێبینی چوارەم:**

گـــۆڕینی ڕەچەڵەکـــی کـــورد بە هەردوو هێـــزی تونـــد و نەرم بـــۆ بەتورککردن و بەعەرەبکردن، بەفارسکردن.

**تێبینی پێنجەم:**

بە تەرخـــانکردنی بـــودجەیەکی زۆر بـــۆ تێکـــدانی مێـــژووی کـــورد بەشـــێوەیەکی چـــڕ و پـــڕ. لەم چوارچێوەیەشـــدا هەوڵیانـــداوە بەشـــێک لە زارە کوردیەکـــان یـــان ئەدیـــانە کوردیەکـــان لە کـــورد دابـــبڕن و بـــیکەنە نەتەوەیەکـــی ســـەربەخۆ، ئەم کارەشـــیان بەمەبەســـتی بچـــوککردنەوە و کەمکردنەوەی خاک و خەڵکی کوردستان کردووە.

**تێبینی شەشەم:**

بەهـــۆی فرەیـــی زار و گەورەیـــی کولتـــووری کوردەکـــانەوە چەشـــنە جیـــاوازیەک درووســـتبووە کە خـــۆی لەڕاســـتییدا دەوڵەمەنـــدی زار و کولتـــووری کـــورد نیشـــاندەدات، بەڵام دوژمـــن ئەمەیـــان قۆســـتووەتەوە بـــۆ پەرتکـــردن و لێکـــدابڕانی زیـــاتری کـــورد، لەم چوارچێـــوەیەش هەوڵـــی دابڕینـــــی زۆر کـــــۆمەڵی ســـــەر بە کـــــورد دراوە بە مەبەســـــتی بچـــوککردنەوەی کـــورد و قوتـــدانی ئەو کەمایەتییـــانەش. ئـــێمە ئێســـتا نـــاوی هیچکـــام لەو کەمایەتییـــانە نـــاهێنین، بـــۆ ئەوەی بەشـــدار نەبـــین لەو ستەمەدا.

**تێبینی حەوتەم:**

کوردەکـــان بە درێژایـــی مێـــژوو توشـــی جینۆســـاید بـــوون، هەنـــدێکی مێژووەکەشـــی شـــێوێندراوە. بەڵام ئـــێمە دیکـــۆمێنتی ســـەد ســـاڵی پێشـــومان هەیە کە نیشـــانی دەدات لەســـەدەی ڕابـــردودا کـــوردان بەچـــی قەبـــارەیەک جینۆســـاید کـــراون. بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر لەم بـــارەیەوە بگەڕێـــنەوە بـــۆ نـــامیلکەی (ســـەد ســـاڵ پـــاش لـــۆزان) کە لە پێشـــتردا ئامادەمان کردووە.

**تێبینی هەشتەم:**

خـــاکی کوردســـتان ســـەرەڕای نادیـــاری ڕووبەری تەواوەتـــی بەڵام هێشـــتا بەلانی کەم لە زۆر وڵاتی دیاری جیهان گەورەترە، لەوانە:

گەورەترە لە ئیتاڵیا، ٣٠١،٠٠٠ کم ٢.

گەورەترە لە بەریتانیا، ٢٤٤،٠٠٠ کم ٢.

لانی کەم چوارجار لە کۆریای باشوور گەورەترە، ٩٨،٠٠٠ کم٢.

**تێبینی نۆیەم:**

بە ئـــاو دەوترێـــت زێـــڕی ســـپی، کوردســـتان لەڕووی ســـامانی ئـــاوی شـــیرینەوە دەوڵەمەنـــدترین نـــاوچەی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتە، شـــانزەهەمین دەریـــاچە لەســـەر ئاســـتی جیهـــان و گەورەتـــرین دەریـــاچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کوردستانە و ناوی دەریاچەی "وان"ـە.

**تێبینی دەیەم:**

بەنزیکەیی ٦٠ملیۆن کورد لە کوردستاندا دەژی.

لە ئەوروپا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژاوادا نزیک بە ٤ ملیۆن کورد دەژی.

لە کازاخســـتان و جۆرجیـــا و ئەرمینیـــا و ئیســـرائیل و ئەفغانســـتان و پاکســـتان و میســـر و ســـوودان و بۆســـنە و هەرزەگـــۆڤین زیـــاتر لە ٦ملیۆن کورد دەژین، ژمارەی کورد لە جیهاندا زیاترە لە ٧٠ملیۆن.

لە هەر ١٢٥کەسێک لە جیهاندا یەکێکیان کوردە.

زیـــاتر لە ســـەدا نەوەدی ئەوانەی لەســـەر خـــاکی کوردســـتان دەژیـــن کوردن.

**تێبینی یازدەیەم:**

هەمــوو ئەم کــۆمەڵانە بــێ جیــاوازی کــوردن: لــوڕ، لەک، بەختیــاری، فەیللــی، کەلهــوڕ، ئێزیــدی، یارســـان، شـــەبەک، زازاکـــی، هەورامـــی، کرمانجی، سۆرانی، بادینی، گۆرانی.

**تێبینی دوازدەیەم:**

ئەوانەی لەبنەڕەتدا بەشێکن لە کورد بەڵام ئێستا گۆڕاون:

بەلوچ، براهۆی، تات، تاڵیش، مازندەرانی، سمنانی، ئازەری.

**تێبینی سێزدەیەم:**

ئەو نەتەوانەی کورد پەیوەندی نەژادی هەیە لە گەڵیان:

ئەمــازیغ لە بــاکووری ئەفەریقــا، جــۆرجی لە ئاســیا، زۆرێــک لە گەلانــی ناوچەی باڵقان وەک کرواتی، بولگاری، هەنگاری.

## نەخشەی مێژوویی کوردستان:

لە ڕووی مێـــژووییەوە قســـەی جیـــاواز لەســـەر ســـنوور و ڕووبەری کوردســـتان کـــراوە، یەکەمـــین ئەو کەســـانەی ئاماژەیـــان بە خـــاکی کوردســـتان داوە مێژوونـــووس و گەڕیـــدە موســـڵمانەکانن لەســـەردەمی خەلافەتـــی عەباســـی و دواتـــریش لە نمـــوونەی (یەعقـــوبی، تەبەڕی، یـــاقوتی حەمەوی) کە ناوچەکـــانی هەرێمـــی چیـــا و جەزیـــرە و ئـــاران و بەشـــێکی فـــراوان لە ئازەربایجـــان و ئەرمینیـــا و ئەهوازیـــان بە نـــاوچەی زۆریـــنە کـــورد دانـــاوە. هەروەک دیـــارە بەشـــێکی ئەم ناوچـــانە هەر لە ســـەردەمی خەلافەتـــی عەباســـیدا دەبـــنە زێـــد و مەڵبەنـــدی ســـەرەکی چەنـــدین دەســـەڵات و میرنشـــینی کـــوردی، لەوانە شـــەدادییەکان لە هەرێمـــی ئـــاران و ئەرمینیـــا و ڕەوادییەکـــان و حەســـەنەوییەکان لە هەرێمەکـــانی ئازەربایجـــان و هەرێمـــی چیـــادا، کە ئەمـــانەش زیـــاتر بۆچـــوون و زانیـــاری گەڕیـــدە و مێژوونووســـە موســـڵمانەکان لە ڕاســـتی نزیک دەکاتەوە.

ئەگەر نووســـینەکانی مێژوونووســـی کـــورد شـــەرەفخانی بەدلیســـی وەک یەکەم ســـەرچاوە وەربگـــرین ســـنووری وڵاتـــی کـــوردان لە بـــاکوورەوە لە مەرعەش و مەلاتیـــیەوە دەســـت پـــێ دەکـــات تـــا لە باشـــوورەوە دەگـــاتە سەر هورمز لە سەر زەریای هیندی.

هەروەهــا گەڕیــدەی عوســمانی (ئەولیــا چەلەبــی) لە ســەدەی حەڤــدە دەنووســێت خــاکی کوردســتان لە ئەرزڕۆمەوە دەســت پــێ دەکــات و درێژدەبێتەوە بۆ سەر ڕۆخەکانی کەنداو لە نزیکی بەسرە.

پاشــان لەســاڵانی دواتــردا لەلایەن ئەوروپییەکــانەوە چەنــد نەخشــەیەکی دیــکە خــراونەتە ڕوو، بەتــایبەت لە ســاڵەکانی (١٧٢١، ١٨٩٢، ١٩٤٩ز.) کە بەشــێوەی جیــاواز ســنوورەکەیان نیشــانداوە، لە هەندێکیانــدا ئەو ناوچــانەی بە نــاوچەی کوردنشــینیان دانــاوە نــزیکە لەوەی چەلەبــی باســی دەکــات، بەڵام لە هەنــدێکی دیــکەدا ســنوورێکی دیاریکراویــان بــۆ کوردســتان دیــاری نەکــردووە و وەک نــاوچەیەکی دابەشــکراو لەنێــوان دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانیدا بەگشتی ئاماژەیان پێداوە.

ڕەنــگە ئاســان نەبێــت لەژێــر ڕۆشــنایی ئەو زانیاریــانەدا بتوانرێــت نەخشــەیەکی ورد و دیــاریکراو بــۆ خــاکی کوردســتان دیــاری بکرێــت، بەڵام بە نزیکەیـــی دەگەیـــنە ئەو ئەنجـــامەی نەخشـــەی مێژوویـــی کوردســتان لە چیاکــانی تــۆرۆس لە بــاکوورەوە درێــژدەبێتەوە بۆســەر ڕۆخەکــانی کەنــداو لە باشــوور، لە ڕۆژهەڵاتەوە تــا کەنارەکــانی دەریــای قەزویــن و نــاوچەی قەوقــاز و لە ڕۆژاواشــەوە تــا نزیــک ســنوورەکانی شام و عێراقی کۆن (ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا) دەڕوات.

## نەخشەی نیشتەجێبوونی کورد:

لەمــڕۆدا بەهۆکــاری جیــاواز، لەوانەش هەوڵــی ســڕینەوە و جینۆســایدی فرەجــۆری نەتەوەی کــورد، نەخشــەی کوردســتان لەچــاو پێشــودا لەکەمیــداوە. بــۆیە ئــێمە لەبەردەم دوو نەخشــەداین، یەکیــان نەخشــەی مێژوویــی کوردســتانە کە لە پێشــتردا ئامــاژەی بــۆ کــراوە، ئەوی دیکەشــیان ئەو نەخشــەیەیە کە ئەمــڕۆ کــوردی تێــدا دەژی. واتە نەخشــەی نیشــتەجێبوونی کــورد و نەخشــەی ڕاســتەقینەی کوردســتان جــودایە، لەم نەخشــەیەدا ســنووری کوردســتان لە نەخشــە مێــژووییەکەی بچــوکترە و زۆر نــاوچەی وەک ئــاران و ئازەربایجــان و ئەهــواز و بەشــێک لە هەرێمــی جەزیــرە و چەنــد نــاوچەیەکی دیــکەی لــێ کەم بووەتەوە.

ڕووبەری کوردســتانی ئەمــڕۆ بە نزیکەیــی زیــاتر لە (٤٠٠،٠٠٠کــم٢)یە. ڕەنــگە بــۆ زۆرکەس پرســیاربێت بــۆچی ڕووبەری کوردســتان بەنزیکەیــی بــاس دەکەیــن و ڕاســتەوخۆ ژمــارەیەک نــادەین بەدەســتەوە. هەڵــبەت لەبەرئەوەی ئەم شــێوازە زیــاتر لەڕاســتییەوە نــزیکە وەک لەوەی ژمــارەیەکی ڕوون بــدرێت بەدەســتەوە. چــونکە بەهــۆی ئەوەی کوردســتان دەوڵەت نیــیە و خــاکێکی دابەشــکراوە ڕووبەرەکەی بە ڕوونــی دیــارنییە، زۆرجــار تــوێژەرانی کــورد لەناچاریــدا ڕێــژەی ئەم ڕووبەرەیــان لەســەر بنەمــای ئەو یەکە کارگێڕیــانە دیــاریکردووە کە وڵاتــانی داگیــرکەر دایانڕشــتووە. جــا لەمەدا یــان نــاوچەگەلێکی ناکوردییــان بە کــوردی دانــاوە، یــانیش نــاوچەی کوردییــان حیســاب

نەکـــردووە چـــونکە لەڕووی ئیـــدارییەوە نەکەوتـــووەتە ســـەر پارێزگـــایەکی زۆریـــــنە کـــورد. بەتـــاییەت لە نـــاوچە ســـنوورییەکانی کوردســـتاندا کە هەمیشـــە چەنـــدین شـــار و شـــارەدێی کوردنیشـــن خـــراونەتە ســـەر پارێزگـــایەک کە کـــوردی تێـــدانییە هەروەک چـــۆن لە عێـــراق شـــارەکانی وەک خورمـــاتوو و خـــانەقین بە پارێزگاکـــانی ســـەلاحەدین و دیـــالەوە لکێنـــدراون. ئـــێمە بـــۆ ئەوەی توشـــی ئەم هەڵەیە نەبـــین ناچـــاربووین بە نزیکەیی باسی ڕووبەری کوردستان بکەین.

## کورد لە دەرەوەی کوردستان:

ژمـــارەیەکی زۆری کـــورد لە دەرەوەی جوگرافیـــای کوردســـتانی ئەمـــڕۆ نیشـــتەجێن، ئەمـــانەش بەســـەر دوو لقـــدا دابەش دەبـــن، بەشـــێکیان ئەو کـــــوردانەن کە بەهـــــۆی بچوکبـــــوونەوەی ڕووبەری کوردســـــتان لە ئەنجـــــامی جینۆســـــیاد و داگیرکـــــاری و گـــــۆڕانی دیمۆگرافیـــــای دانیشـــتووانەدا لە خـــاکی کوردســـتانی ئەمـــڕۆ دابـــڕاون و خەڵکـــی بێگـــانە کەوتـــووەتە نێوانیـــان، واتە ئەم کـــوردانە لەڕاســـتییدا لەســـەر خـــاکی ڕەســـەنی خۆیـــانن بەڵام بەهـــۆی گـــۆڕانی دیمۆگرافیـــای دانیشـــتووانەوە لە خـــاکی زۆریـــنە کـــوردی ئەمـــڕۆ دابـــڕاون، لە نمـــوونەی ئەوانە کـــوردانی فەیلـــی لە عێـــراق و کـــوردانی خۆراســـان لە ســـنووری بـــاکووری ڕۆژهەڵاتـــی ئێـــران و کـــوردانی نزیـــک شـــاری لاچـــین لە کوردســـتانی ســـوور، کە دەکەوێـــتە نێـــوان وڵاتـــی ئەرمینیـــا و ئازەربایجـــانەوە، کە

لەپاش ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی مادەوە هەتا ئەمڕۆ توانیویانە بمێننەوە و پارێزگارییان لە شوناس و خاکی خۆیان کردووە. بەڵام مێژوونووسانی دەربارەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان لەسەدەی بیستدا زۆر لەهەوڵی ئەوەدابوون بۆ تێکدانی مێژووی کوردانی ئەم ناوچانە و نووسینەوەی چیرۆکی هەڵبەستراون بۆ چۆنییەتی نیشتەجێبونیان، بۆ نموونە دەڵێن کوردانی خۆراسان ڕاگویزراون و مێژویەکی نزیکیش بۆ ئەم ڕاگواستنە باسدەکەن وەک ڕاگواستنەکانی سەردەمی شا عەباسی سەفەوی لە سەدەی حەڤدە، ئەم نووسەرانە ژمارەی خەڵکە ڕاگویزراوەکە گەورەدەکەن، بەڵام ئەگەر بڕوانین هەر لە دوتوێی لاپەڕەکانی مێژوودا ناڕاستی ئەم بۆچونانەمان بۆ دەسەلمێت، بۆ نموونە ئەبو موسلمی خۆراسانی کە بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی دەوڵەتی عەباسی دادەنرێت و لەسەردەمی خۆیدا خەڵکێکی زۆری لە خۆراسان لەگەڵ بووە بەڕەگەز کوردە، هەروەها مێژووی ژیانیشی زۆر پێش سەردەمی سەفەوییە لە ئێران. واتە زۆر پێش ئەو ڕاگواستنەیە کە مێژوونووسە دەربارەکان نووسیویانە، کەواتە ڕوون دیارە مێژووی نیشتەجێبوونی کورد لە خۆراسان زۆر دێرین و لەمێژینەیە. هەمان ئەم چیرۆکە هەڵبەستراوانە بۆ کوردانی فەیلیش نووسراون تا وەک بێگانەیەک لە خاکی عێراق نیشان بدرێن.

لقێکی تری کوردانی دەرەوەی کوردستان، ئەو کوردانەن کە بەهەر هۆکارێک بێت خاکی کوردستانیان جێهێشتووە و لە وڵاتێکی دیکە نیشتەجێ بوون، ئەمانەش دووبارە بەسەر دوو لقدا دابەش دەبن، بەشێکیان ئەو کوردانەن کە لە ساڵانێکی زۆر پێش ئێستاوە

کوردستانیان جێهێشتووە، لە نموونەی ئەوانەش کوردانی سوودان و میسر و فەڵەستینن، کە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سەرکردەی کورد سەلاحەدینی ئەیوبی و هاوەڵانیدا ڕوویان لەو ناوچانە کردووە. بەشێکی تری کوردانی دەرەوەی وڵاتیش ئەوانەن کە ساڵانێکی زۆرنییە لە دەرەوەی کوردستان نیشتەجێن، وەک کوردانی ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکە، کە بە کوردانی هەندەران ناویان دەبرێت و ژمارەیان چەند ملیۆنێکە، زۆرترینیان لە وڵاتەکانی ئەڵمانیا و ڕووسیا و سوید، نیشەجێن.

## پێکهاتەی نەتەوەیی کوردستان:

لەڕووی نەتەوەییەوە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی کوردستان لە نەتەوەی کوردن. بەڵام هاوکات چەند نەتەوەیەکی میوانیش بونیان هەیە کە لە سەردەمی جیاوازدا هاتونەتە کوردستان، ئەمانە بەسەر دوو لقدا دابەش دەبن، بەشێکیان ئەوانەن کە لە کات و بارودۆخی جیاوازدا ئاوارەی کوردستان بوون و کۆمەڵگەی کوردییش وەک میوانێک ڕێزی لێناون، وەک ئەو ئەرمەنیانەی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ ڕزگاربوون لە کۆمەڵکوژی پەنایان بۆ هۆزە کوردەکان برد و ئاوارەی کوردستان بوون، یان ئەو عەرەبانەی کە لە کاتی جەنگی ناوخۆی سووریا و جەنگی داعش و تێکچوونی بارودۆخی ئاسایشیی عێراق ڕوویان لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان کرد.

بەشـــــێکی دیـــــکەی ئەو کەمینـــــانەش ئەوانەن کە لەلایەن وڵاتـــــانی داگیـــرکەرەوە بە مەبەســـتی گـــۆڕینی دیمۆگرافیـــای دانیشـــتووان یـــان ســـەپاندنی دەســـەڵاتی ناوەنـــد هێنـــراونەتە کوردســـتان و لە بەرانـــبەر بڕێـک پـارەدا لە نـاوچە جیاوازەکـانی کوردسـتان نیشـتەجێکراون. وەک ئەو تورکمانـــانەی لە کـــاتی دەســـەڵاتداری عوســـمانیدا لە کوردســـتان نیشـــتەجێکراون، یـــان ئەو تورکـــانەی لەســـەردەمی کۆمـــاری تورکیـــادا لە ڕۆژاوای تورکیـــاوە هێنـــراونەتە ناوچەکـــانی بـــاکووری کوردســـتان. هەروەهـــا لە درووســـتکردنی پشـــتوینەی عەرەبـــی لەڕێـــی بنیادنـــانی نشـــینگە عەرەبییەکـــانەوە لە ڕۆژاوای کوردســـتان، هەروەهـــا هانـــدانی ئازەرییەکـان بـۆ تەنگەتـاوکردن و کـۆچپێکردنی کوردەکـان بەتـایبەت لە پارێزگـــای ورمـــێ لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان، ئەمە جـــگە لە هەوڵەکـــانی تەعریـــب لە باشـــووری کوردســـتان کە لە درووســـتکردنی شـــاری حەویـــجەی عەرەبنیشـــن لەســـەر خـــاکی باشـــووری کوردســـتان دەســـتپێدەکات تـــا دەگـــاتە ئاســـتێک کە کـــوردان لەســـەر خـــاک و گونـــدەکانی خۆیـــان وەدەر دەنـــرێن و جوتیـــاری عەرەب لە جێگەیانـــدا دادەنرێـــت. وەک ئەوەی لە کەرکـــووک و مەخمـــوور و زۆربەی نـــاوچە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی ئیـــدارەی هەرێمـــی کوردســـتاندا ئەنجامـــدراوە و بە ئێستاشەوە بەردەوامە.

## بەرزی و نزمی ڕووی زەوی کوردستان:

بەرزی و نزمـــــی ڕووی زەوی کــــاریگەری گرنگـــــی هەیە لەســــەر دیــاریکردنی بــایەخی دەوڵەت، لەگەڵ ئــاووهەوا و بنەمــا ئابوورییەکــان پەرەپێـــــدانی وڵات دیاریـــــدەکات و کاردەکــــاتە ســــەر چـــۆنییەتی بەکارهێنـانی سـامانی کـانزایی و ئـاوی و جـۆر و شـێوەی بەرهەمهێنـانی کشتوکاڵ.

باشـــترین نـــاوچەی ڕووی زەوی نـــاوچەی دەشـــتەکانە چـــونکە زۆر لەبـــارە بـــۆ کشـــتوکاڵ و دامەزرانـــدنی پیشەســـازی و دابەشـــبوونی دانیشـــتووان و دامەزرانـــدنی ڕێگـــای هـــاتوچۆ و هێڵـــی ئاســـنین. نالەبــارترین نــاوچەش لەســەر ڕووی زەوی نــاوچەی بیابــانە چــونکە ئـاوهەوا و خـاکەکەی یارمەتیـدەر نیـیە بـۆ نیشـتەجێبونی دانیشـتووان و ئەنجامـدانی کشـتوکاڵ. خۆشـبەختانە لە کوردسـتاندا هـیچ هەرێمێـک نیـیە کە زەویـیەکەی بیابـانیی بێـت بەشـێوەی گشـتی کوردســتان لەڕووی تۆپۆگرافیــاوە بە نــاوچەیەکی شــاخاوی دادەنرێــت کە بەرزتــرین خــاڵی لە چیــای ئــاراراتە لە بــاکووری کوردســتان کە زیــاتر لە (٥٠٠٠)م لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزترە.

ڕووی زەوی کوردســتان یەکــێکە لە فــاکتەرە گرنگەکــانی جیۆپــۆلەتیکی لە ڕووی لەبـــاری و نالەبـــارییەوە. لەڕووی لەبـــاری و ئەرێنـــییەوە بـووەتە هـۆی مـانەوەی زمـان و کولتـوور و شوناسـی نەتەوەیـی کـورد، چــونکە هەمیشــە نــاوچە شــاخاوییەکان پەنــاگەیەکی ئــارام بــوون بــۆ

کـوردان و قەڵای خۆپاراسـتن و بەرگـری لەخۆکردنیـان بـووە. هەروەهـا نـــاوچە شـــاخاوییەکانی کوردســـتان لە ڕووی ســـامانی کـــانزاوە نـاوچەگەلی دەوڵەمەنـدن و دەیـان جـۆری کـانزای بەنرخـی وەک ئاسـن و مســـی تێـــدایە، ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی کە خـــاکی کوردســـتان دەوڵەمەنـــدترین نـــاوچەی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتە لەڕووی ســـامانی ئاوی شیرینەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەمەدا لە هەنـــدێک ڕووەوە ئەم هەڵـــکەوتەی تۆپۆگرافیـــایە نالەبـــاری و خـــاڵی نەرێنیشـــی لەخـــۆی گرتـــووە، لەوانە دابڕینـــی ناوچەکـــان لە یەکتـــری بەهـــۆی ڕووبارەکـــانەوە، هەروەهـــا ســـەختی هـــاتوچۆو پەیوەنـدی نـاوچە جیاوازەکـان لەگەڵ یەکتریـدا بەتـایبەت لە وەرزی زسـتاندا کە هەنـدێک جـار بەهـۆی هەسـتانی ئـاوی ڕووبارەکـان و بـــارینی بەفرێکـــی زۆر لە نـــاوچە چیاییەکـــان ڕێگاکـــان دەگیـــرێن و هاتوچۆ ئەستەم دەبێت.

ئەم بـــارودۆخە لە ڕابـــردودا کە کەرەســـتەی پێویســـت بـــۆ کـــردنەوەی ڕێگاکـان بەردەسـت نەبـووە بووەتەهـۆی دابڕانـی ناوچەکـان لە یەکتـری و کەمبـــــــوونەوەی بازرگـــــانی لە نێوانیانـــــــدا، هەر لەبەر ئەمەش پەیوەنـــدیەکی ئـــابووریی پـــتەو لەنێـــوان نـــاوچە و هەرێمەکانـــدا درووستنەبووە.

شـــایەنی باســـە کە هەنـــدێک جـــار ئەم دابـــڕانە تـــا جیـــاوازی زار و وشـەکان و جـل و بەرگ ڕۆیشـتووە، نەیـارانی کـورد ئەمە بە جیـاوازی دەبیـنن و دەیانەوێـت بەو جـۆرە زەقـی بـکەنەوە بـۆ زیـاتر پەرتکردنـی نەتەوەی کـــورد. بەڵام هاوکـــات دووبـــارە لەڕووی ئەرێنیـــیەوە ئەمە

بووەتە هۆی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و زمانی کوردی تا ئەوەی ئەکادیمیستە بێلایەنەکان بە دەوڵەمەندی فەرهەنگی نەتەوەکەی دەبینن، بۆیەش دەبینین ئێستا زمانی کوردی لە **دە** یەکەمەکەی زمانە زیندووەکانی جیهان پۆلێنکراوە، پۆشاکی کوردیش یەکێکە لە زیندووترین بەرگە کولتوورییە جیهانیەکان بەهۆی جوانی و گونجاوی لەگەڵ سرووشتی ناوچەکە و گونجانی لەگەڵ شێوەژیانی ئەمڕۆدا.

## سامانی سرووشتیی کوردستان:

کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە سامانی هەمەجۆر، لە ڕووی ئاو و هەواوە بەجۆرێکە دەکرێت هەم بەرهەمی ناوچە گەرمەسێرەکان و هەم ناوچە کوێستانییەکانیشی تێدا دەست بکەوێت، چونکە هەڵکەوتەی خاکی کوردستان بەشێوەیەکە هەردوو بارەکە لەخۆدەگرێت.

ناوچەکانی باکوور زیاتر ناوچەی سارد و شێدارن و دەوڵەمەندن بە دارستان و کشتوکاڵی زستانە، ساڵانە بەفر و بارانێکی زۆریان لێ دەبارێت کە بەسوودە بۆ گەشانەوەی سەرچاوە ئاوییەکان بەگشتیی و ڕووبارە سەرەکییەکان بەتایبەتیی بەڵام تا بەرەو باشوور و ڕۆژاوا بڕۆین گەرمتر و وشکتر دەبێت و زیاتر بۆ لەوەڕگای سرووشتی و کشتوکاڵی ناوچە گەرمەسێرەکان گونجاوە.

لەگەڵ ئەوەی دەڵێـــین بە شـــێوەیەکی گشـــتی خـــاکی کوردســـتان نـــاوچەیەکی شـــاخاوییە، بەڵام هاوکـــات چەنـــدین دەشـــتی تێـــدایە کە لە بەپیتتـــرین و گرنگتـــرین زەویە کشـــتوکاڵییەکانی جیهـــانن، لەوانە دەشـــتی شـــارەزوور و بتـــوێن و قەراج و کرماشـــان و بـــانی جەزیـــرە، کە بە گرنگترین ناوچەکانی بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ دادەنرێن.

هاوکـــات لە ڕووی ســـامانی کـــانزاییەوە خـــاکی کوردســـتان چەنـــدین کـانزای گرنـگ و جۆراوجـۆری وەک (ئاسـن، مـس، کـرۆم و قیر...تـاد) لە خـــۆ دەگرێـــت، کە بەشـــێکی ئەم کانزایـــانە تـــاوەکوو ئێســـتا وەک یەدەگێکـی پـارێزراو لە چیاکـانی کوردســتاندا مـاون و کەمتـرین بڕیـان لێ بەکاربراوە.

لە ڕووی ســـــــامانی نەوتەوە کوردســـــــتان بە یەکێـــــــک لە وڵاتە دەوڵەمەنـــدەکان دادەنرێـــت و خـــاوەنی یەدەگێکـــی بەرزی نەوتـــی خـــاوە، لەم دواییانەشـــــادا درک بەوەکـــــرا لەڕووی ســـــامانی غـــــازی سرووشتیشـــــەوە بەهەمـــــان چەشـــــن یەکێـــک لە دەوڵەمەنـــــدترین ناوچەکانی جیهانە.

لە هەمـــووی گرنگتـــر کوردســـتان دەوڵەمەنـــدترین نـــاوچەی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتە لە بـــوونی ســـامانی ئـــاوی شـــیریندا، چەنـــدین ڕووبـــاری گەورەی وەک دیجـــلە و فـــوڕات و زێـــی گەورە و زێـــی بچـــوک و ســـیروان و ئـــاراس و خـــابور و چەنـــدین ڕووبـــاری بچـــوکتری تێـــدایە کە لە ڕاســـتیدا هۆکـــاری ســـەرەکی دروستبوونی شارســـتانییەتە گەورەکـــانی میزۆپۆتامیـــان، واتە ســـەرچاوە ئاوییەکـــانی کوردســـتان میزۆپۆتامیایـــان دروســـتکرد و میزۆپۆتامیـــاش یەکەم شارســـتانییەتی

مرۆڤـــایەتی لـــێ وەدەرکەوت. ئەم ســـەرچاوە ئاویـــانە لە ئەمڕۆشـــدا خـــاوەنی بـــایەخی گەورە و گـــرنگن و دەکرێـــت لەکـــاتی شـــەڕ و ئاشـــتیدا ســـوودی لـــێ وەربگیرێـــت و پـــێگەی کوردســـتان بەرز و بەهێـــز ڕابگرێـــت، بەتـــایبەت لە چەنـــد ســـاڵی داهـــاتوودا کە گرنگـــی ئـــاو لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاست بە ئاستێکی زۆر بەرز، ڕوو لە زیادبوون دەکات.

## بەشێک لە شوێنەوارە گرنگەکانی کوردستان:

### شوێنەواری حەسەن کێف:

شـــاری حەســـەن کێـــف لەســـەر ڕۆخـــی ڕووبـــاری دیجـــلە هەڵکەوتـــووە، لە پارێزگـــای باتمـــان لە بـــاکووری کوردســـتان. بە پێـــی ســـەچاوە مێژوویـــی و شـــوێنەوارییەکان، مێـــژووی ئەم شـــارە بـــۆ ١٠ هەزار ســـاڵ پـــێش ئێســـتا دەگەرێـــتەوە. یەکـــێکە لەو شـــارە مێژووییـــانەی وەک هەولێـــر کە هەزاران ســـاڵە ژیـــان تێیـــدا بەردەوامە. لە هەزارەی ســـێیەمی پـــێش زایـــن بەشـــێک بـــوە لە شارســـتانییەتی خوورییەکـــان کە بە بـــاپیرانی کـــورد دادنـــرێن. ســـەرچاوە ئەکەدییەکـــان لە ســـاڵی (١٨٠٠-١٧٥٠)ی پـــێش زایـــن، لە دەقە مێخیەکانی ماری بە (ئیلانسوورا) ناویان هێناوە.

شـــایەنی باســـە ئەم شـــوێنەوارە گـــرنگە و ســـەدان شـــوێنەواری دیـــکەی کوردســـتان، بەهـــۆی پـــڕۆژەی گـــاپەوە کە پڕۆژەیەکـــی کۆلۆنیـــالیزمی تـــورکییە، ژێـــر ئـــاو دەکەون. پـــڕۆژەی گـــاپ بڕیـــارە (٧٣،٠٠٠کـــم٢) لە ڕووبەری خـــاکی کوردســـتان دابپۆشـــێت، کە ئەم ڕووبەرە تێکـــڕا بەتەنیـــا

لە ڕووبەری هەرسێ وڵاتی هۆڵەندا و بەلجیکا و لۆکسۆمبۆرگ بەیەکەوە، گەورەترە.

## قەڵای ئامەد:

یەکێک لە شوێنەوارە گرنگ و پڕ بایەخەکانی جیهان و کوردستانە، دووەم بەرزترین و درێژترین دیواربەندی جیهانە لەپاش دیواری چین. ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە ناوچەی سووری شاری ئامەدەوە. باوەڕ وایە مێژووی بنیادنانی قەڵاکە بۆ پتر لە حەوت هەزار ساڵ بگەڕێتەوە. ئەم شوێنەوارە لە لیستی میراتی جیهانیی یونسکۆدا تۆمارکراوە.

## ئەشکەوتی شانەدەر:

بە دووری ١٤٥کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر هەڵکەوتووە. یەکێک لە دێرینترین شوێنەوارەکانی جیهانە و بەر لە (٧٠) هەزار ساڵ، مرۆڤی نیاندەرتاڵی تێدا ژیاوە، تاوەکوو ئەمڕۆش پشکنین و لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم شوێنەوارەوە بەردەوامە.

## قەڵای وان:

یەکێک لە قەڵا دێرینەکانی کوردستانە و دەکەوێتە شاری وانی باکووری کوردستانەوە. قەڵاکە لەسەر چیایەکی سەخت بیناکراوە و بەسەر دەریاچەی واندا دەڕوانێت.

مێـــژووی درووســــتکردنی قەڵای وان دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ســـــەردەمی ئورارتوییەکـــان و بـــاوەڕوایە لەســــەدەی هەشــــتەمی پـــێش زایــــن بنیادنرابێت.

**ئەشکەوتی قزقاپان :**

دەکەوێتە قەزای دوکانەوە لە پارێزگای سلێمانی، ئەم شوێنەوارە بریتییە لە گۆڕێکی هەڵکۆڵراو لە ناخی چیادا، بە بەرزی چەند مەترێک لە زەوییەوە. ڕای جیاواز لەسەر ئەوە هەیە کە ئایا ئەم شوێنەوارە گۆڕی کێیە، بەڵام بەگشتی باوەڕوایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیمپڕاتۆریەتی ماد، هەندێک لە بۆچونەکان بەو ئاڕاستەیەن کە گۆڕی (فراوەرتیس)ی ئیمپڕاتۆری ماد بێت، کە لە شەڕی دژی ئاشوورییەکان دەکوژرێت. ڕایەکی دیکەش پێیوایە کە گۆڕی کوڕەکەیەتی (کەی خەسرەو)، کە چەند ساڵێک پاش کوژرانی باوکی دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ماد وەردەگرێت و کۆتایی بە حوکمڕانی ئاشوورییەکان دەهێنێت.

**پەرستگای ئاگری بەردەکونتەی مەهاباد:**

ئەم شـــوێنەوارە بە دووری پێـــنج کیلـــۆمەتر دەکەوێـــتە بـــاکووری شـــاری مەهابـــــادەوە، لە زەوییەکــــی بەردینــــی پـــــلەداری هەڵکـــــۆڵراودایە. مێـــژووەکەی دەگەڕێـــتەوە بـــۆ هەزارەی یەکەمـــی پ. ز. پێـــدەچێت لە ڕابـــردودا بەشـــێک بووبێـــت لە شـــاری (داریوســـا) کە یەکێـــک لـــە شـــارە دێرینەکانی ماد بووە.

## تاق وەسان (تاقی بوستان):

یەکێک لە شوێنەوارە بەناوبانگەکانی کوردستانە و دەکەوێتە نزیک پارێزگای کرماشانەوە، بریتییە لە هەڵکۆڵراوێکی بەردین کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی دەسەڵاتداری ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی (٢٢٦-٦٥٦ز.) دەگەڕێتەوە.

## بێستان سوور:

ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە دەشتی شارەزوور لە پارێزگای سلێمانی. بەپێی لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان بێستان سوور دێرینترین گوندی کشتوکاڵییە لەسەر ئاستی جیهان و مێژووەکەی بۆ پتر لە ١١ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. شایەنی باسە تا پێش دۆزینەوەی شوێنەواری بێستان سوور باوەڕوابوو گوندی چەرمۆ لە نزیک شاری چەمچەماڵ دێرینترین نشینگەی کشتوکاڵی مرۆڤ بووە، بەڵام دۆزینەوەی بێستان سوور گۆڕانکاری بەسەر ئەو بۆچونەدا هێنا.

## کۆباسێکی گرنگ:

١- سەرەتای کشتوکاڵ لە جیهاندا لە بێستان سووری کوردستانەوە دەرکەوت.

٢- دووەم درێژترین و بەرزترین شورای مێژوویی جیهان لە کوردستانە، کە ئەویش شورای شاری ئامەدە.

٣- ئەشـــکەوت و چیاکـــانی کوردســـتان لانـــکەی ســـەرەتای ژیـــانی مرۆڤایەتی بوون، وەک ئەوەی لە ئەشکەوتی شانەدەر دەردەکەوێت.

**ڕاسپاردە:**

ئـێمە لێکـۆڵەرانی پـاش خۆمـان ڕادەسـپێرین بـۆ تەواو کردنـی ئەم کـارە، ئەویـش بە وروژانـدنی چەنـد پرسـێک کە دەشـێت کـاری وردیـان لەسـەر بکرێت:

**یەکەم**: کـــاریگەری کانیاوەکـــان لەســـەر درووســـتبوونی گونـــدی زۆر و شـــاری کەم، واتە پەرتبـــوون نەک کۆبـــوونەوە. ڕیشـــەی کـــاریگەری ئەم باسە لە زۆربەی بوارەکاندا.

**دووەم**: کـــاریگەری چیـــا لەســـەر حکـــوومەت و زمـــانی نـــاوچەیی، واتە دابەشـــبوون بـــۆ چەنـــدین هەرێمـــی جیـــاواز و کـــاریگەری ڕیشـــەی ئەو دابەشبوونە تا دەگات بە ئەمڕۆ.

**سـێیەم**: هۆکارەکـانی هەڵبژاردنـی کوردسـتان بـۆ دابەشـکردن لە لایەن زلهێزەکـــانی جیهـــانەوە، هەروەهـــا قەبـــارەی هەریەک لەو بەشـــانەی کوردستان بەسەر وڵاتانی داگیرکەردا.

**چـــوارەم**: ئـــێمە لە نووســـینی ئەم بـــابەتەدا پەیوەنـــدیمان بە دیـــارترین حیزبەکـــانی کوردســـتانەوە کـــرد، ئەوانەی (داش) وڵاتـــی داگیـــرکەرن و ئەوانەی چـــوار پارچەخوازیشـــن، لێمـــان پرســـین کـــوێ کوردســـتانە. بەڵام

هـــیچ کامیـــان لە پەیـــڕەو و پڕۆگرامیانـــدا بەهەنـــد وەریـــان نەگرتـــووە و نەیاننووسیوە و نەخشەیان نییە.

ڕاســـپاردەی کۆتاییمـــان بـــۆ ئەنـــدام و لایەنگـــری ئەو پارتـــانەیە، داوای نەخشـــەی کوردســـتان لە ڕێبەرانـــی پارتەکانتـــان بـــکەن، دەنـــا چـــۆن بەنـــاوی کـــورد و کوردســـتانەوە دێنەگـــۆ لەکاتێکـــدا نـــازانن کـــوێ کودســـتانە! هەروەهـــا ئاگـــادار بـــن ئەگەر کارتـــان لەســـەرکرد، بە ئـــاواز و ئەجێندای دەوڵەتانی ئیقلیمی (ناوچەیی) داینەڕێژن.

نووســـراوی ئەم نەخشـــەنامەیە هەر لایەن و گروپێـــک، یـــان جوگرافیـــا ناســـێک ئـــارەزووی لـــێ بێـــت دەتوانێـــت بیکـــاتە وێـــنە تـــا لای خـــوێنەر و بیـــنەر وێنابکرێـــت و ڕوونتـــر لێـــی تـــێ بگـــات. بەڵام ئەوەش هێشـــتا نـــابێتە ڕاســـتی تەواوەتـــی بـــۆ کێشـــانی نەخشـــەی کوردســـتان، چـــونکە پرســـی نەخشـــەی کوردســـتان پرســـێکی سیاســـییە و دەســـەڵاتی و دەوێـــت، تەنیـــا لەســـەر تـــوێی کـــاغەز چێنابێـــت. ئەم چەنـــد ڕســـتەیەی کۆتـــایی بەباشـــی بخـــوێننەوە و مەبەســـتە ڕاســـتەقینەکەی وەربگـــرن. هەر شـــاد بـــن و کوردستان ئاوەدان.

## لیستی سەرچاوەکان:


١- ئاریان ئومێد، ڕێڤان عوسمان: سەد ساڵ پاش لۆزان، (٢٠٢٣).

٢- ئەحـــمەد عەبـــدولعەزیز مەحمـــوود: کـــورد لە کتێبـــی (الیعقـــوبي) و (التطبـــري)دا، وەرگێـــڕان: مـــحەمەد حەســـەن ســـەرگەینیڵی، چـــاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٥).

٣- تـــارا مـــحەمەد دەشـــتی: کـــورد و نـــاوچە کوردنشـــینەکان لە کتێبـــی (معجم البلدان)ی یاقوتی حەمەوی، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٥).

٤- جەلیلـــی جەلیـــل: کوردەکـــانی ئیمپراتـــۆرییەتی عوســـمانی، وەرگێـــڕان: کاوس قەفتان، (بەغداد، ١٩٨٧).

٥- دیـــار غەریـــب: خوێنـــدنەوەیەکی نـــوێ بـــۆ مێـــژووی کوردســـتان، چـــاپی دووەم، (٢٠١٩).

٦- زەکەریـــای قـــادری: کوردناســـی، وەرگێـــڕان: ســـەلاح بـــارامی، چـــاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، (٢٠١٨).

٧- ساڵح قەفتان: نەتەوەی کورد تورکمان نییە.

٨- ســـەفین جەلال فەتحـــوڵلا: بنچیـــنە و بنەماکـــانی زانســـتی جوگرافیـــای سیاسی، چاپی یەکەم، (٢٠١٤).

٩- عەبـــدولڕەحمان قاســـملوو: کوردســـتان و کـــورد، وەرگێـــڕان: عەبـــدوڵڵا حەسەن زادە.

١٠- موفیـــد مـــحەمەد نـــوری: دیـــدی زانســـتییانە بـــۆ دەوڵەتـــی کـــوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، (٢٠٢٢).

١١- نەوزاد یەحیـا بــاجگر: ئەتڵەســـی کوردســـتان (٩٧٧-١٩٦٤زاییینـــی)، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠٢٣).

١٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان، (١٩٩٣).

١٣- هـــاوڕێ یاســـین مـــحەمەد ئەمـــین: دەروازەیەک بـــۆ جوگرافیـــای سیاسی و جیۆپۆلەتیک، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، (٢٠١٥).

١٤- هەژار عەزیز سوورمێ: کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن.

١٥- هەڵۆ بەرزنجی: پڕۆژەی گاپ، چاپی دووەم، (٢٠٠٤).

## پاشکۆی وێنەکان:

**تێبینـــی:** ئەم نەخشـــانەی لێـــرەدا نیشـــاندراون ئەگەرچـــی بەشـــی زۆری کوردســـتانی گرتـــووەتەوە، بەڵام نەخشـــەی تەواوەتـــی کوردســـتان نـــین، بەڵکـــوو هەروەک لە نووســـینەکانی پێشـــتردا ئامـــاژەی پێـــدرا نەخشـــەی ڕاستەقینەی کوردستان لەمانە فراوانترە.




TURKEY
NORTH KURDISTAN
WEST KURDISTAN
SOUTH KURDISTAN
EAST KURDISTAN
SYRIA
IRAQ
IRAN
JORDAN
SAUDI ARABIA
THE
GREAT KURDISTAN


Schwarzes
Meer
Georgien
Istanbul
Ankara
Aserbaidschan
Türkei
Amed
Kurdistan
Syrien
Libanon
Irak
Palästina
Jordanien
Kairo
القاهرة
Ägypten
Persischer G
Riad
الرياض




M.325.23. "Kurdistan." French map. Appears with *Bulletin Mensuel du Centre d'Études Kurdes*, issue No. 8, August 1949. [FO 371/75123]
*Crown Copyright material is published under Licence from the National Archives, London. Original map 305 x 197 mm, reproduced here at 131% of the original size.*